# ئافرەتانی عێراق چۆن خۆیان بۆ پاڵەوانیەتی

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لە وڵاتی بەحرێن پاڵەوانیەتی عەرەب بۆ یاری تۆپی پێی لەسەر ئاستی ئافرەتان دەست پێبکات، کە ئەمە یەکەم پاڵەوانیەتیە لەسەر وڵاتانی عەرەبی ئەنجام دەدرێت بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا، کە براوەی ئەم پاڵەوانیەتیە دەچێتە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ماوەی دوو مانگ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیا مەشق بکەن، کە ئەم هەڵبژاردەیە یەکێك لەبەهێزترین هەڵبژاردەکانی جیهانە لەسەر ئاستی تۆپی پێی ئافرەتان، لە پاڵەوانیەتی عەرەبی ٨ هەڵبژاردە بەشداری دەکەن و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکراون لە کۆمەڵەی یەکەم هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی میسر و ئوردن و عێراق و فەلەستین یاری دەکەن و کۆمەڵەی دووەم هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی قەتەر و بەحرێن و سوریا و لوبنان یاری دەکەن.

بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بڕیاری دا بۆ یەکەم جار لەمێژووی عێراقدا هەڵبژاردەیەکی تۆپی پێی بۆ ئافرەتان دروست بکات، کە یاری لەسەر یاریگەی گەورە بکەن، ئەم هەڵبژاردەیە زۆربەی یاریزانەکانی و ڕاهێنەرەکەی کوردن، بۆ ئەمە مەبستە پێش سەفەرکردنیان بۆ وڵاتی بەحرێن، ئۆردوگایەکی مەشقیان لەشاری هەولێر ئەنجام دا، کە ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەین.

سەرەتا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق سەلام عومەر، کە لە هەمان کاتدا ڕاهێنەری ئافرەتانی یانەی دهۆکیشە وتی: ماوەیەك پێش ئێستا یانەی دهۆك لەسەر ئاستی ئافرەتان بەشدارییان لە پاڵەوانیەتی گۆتا کرد، کە لە وڵاتی سوید ئەنجامدرا، کاتێك ئەم هەڵبژاردەیە دامەزرا سەرەتا گشت یاریزانەکانی کورد بوون دواتر چەند یاریزانێکی تر لە شارەکانی بەغدا و موسڵ و حلە پێوەندییان بەم هەڵبژاردەیە کرد، تەمەنی یاریزانەکان بچووکن، ئێمە بچووکترین هەڵبژاردەین لەم پاڵەوانیەتیە، پەنا بەخوا دەتوانین لەم پاڵەوانیەتیە ئاستێکی باش پێشکەش بکەین و هەڵبژاردەیەکی باش بۆ دوارۆژ دروست بکەین، لەم هەڵبژاردەیە یاریزانێکی عێراقی، کە لە خولی سوریا وەکو یاریزانی پیشگەر یاری دەکات و هەروەها وا بڕیاربوو دوو یاریزانی کورد، کە نیشتەجێی سویدن پێوەندی بەم هەڵبژاردەیە بکەن، بەڵام تا ئێستا پێوەندییان پێوە نەکردوین.

دواتر یاریزان ڤالانتیەنە عومەر یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق، کە خەڵکی شاری موسڵە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ـە وتی: ئێمە بەباشی خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە ئامادەکردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی




وەرزش
گوڵان
ژمارە (٨٠٢)
٢٠١٠/١٠/١٨










# وڵاتانی عەرەب بۆ تۆپی پێ ئامادەکردووە

باش بە دەستبهێنین، ئەوەی راستی بێت ئێمە هەردەم لەسەر یاریگەی بچووکراوە یاریمان کردووە و ئەمە یەکەم جارە لە یاریگەی گەورە یاری دەکەین و هەموو شتێکمان بۆ دابین کراوە و هیچ گرفتێکمان نییە.
دواتر یاریزانی پیشگەر سجی کەمال یاریزانی یانەی محافزە لە سوریا و لە دایکبووی ١٩٨٧ وتی: ئێمە بە باشی خۆمان بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە ئامادە کردووە و هەوڵ دەدین بتوانین لەم پاڵەوانیەتیە ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنین، هەرچەندە هەڵبژاردە بەشداربووەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە زۆر بەهێزن و ماوەیەکی زۆرە لە یاریگە گەورەکان یاری دەکەن، بەڵام یاریزانەکانی ئێمە بە تەمەن بچووکن دەتوانم بڵێم ئەمە هەڵبژاردەی دوارۆژە.
پاشان رۆژین سەعید سەرحان یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆك لەدایکبووی ١٩٩٥ وتی: جێگەی شانازییە بۆ ئێمە، کە زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق کوردن، من وەکو یاریزانێکی یانەی دهۆك بەشداریم لە پاڵەوانیەتی گۆتای نێودەوڵەتی کرد، کە لە وڵاتی سوید بەرێوەچوو، بۆیە شارەزاییەکی تەواوم لە یاریکردنی یاریگەی گەورە هەیە و هیچ کێشەیەکمان نییە و لە ماڵەوە دایك و باوکم پشتگیریەکی زۆرم دەکەن و هانم دەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم.
دواتر گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆك مان عەبدولسەلام لە دایکبووی ١٩٨٩ وتی: ئەوەی راستی بێت ئێمەبە باشی خۆمان ئامادە نەکردووە، چونکە ئۆردوگایەکە ٧ رۆژ بوو، ئەمەش کاتێکی زۆر کەمە و ئەمە یەکەمجارە یاری لە یاریگەی گەورە بکەم و پەنا بەخوا هەوڵ دەدەین لەم پاڵەوانیەتیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و ئەنجامەکانمان باش بێت و هیچ کێشەیەکمان نییە.
لە کۆتاییدا زینە جەمیل یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆك لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ و ناسراوە بە زیزۆ وتی: ئەوەی راستی بێت باش خۆمان ئامادە نەکردووە، چونکە ماوەی ئۆردوگایەکە زۆر کەمبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نابێتە بەربەست بۆ ئەوەی لەم پاڵەوانیەتیە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین، یاخود ئەنجامی باش بە دەستبهێنین، پەنا بەخوا لەم پاڵەوانیەتیە سوودێکی باش وەردەگرین و ئەم هەڵبژاردەیە هەڵبژاردەی دوارۆژە.









## جێلاب ریالچی یاریزانی باڵەی یانەی سۆران

# بۆ ئافرەتانی کوردستان هەرچی بکرێت هێشتا کەمە

**لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ە و یەکێکە لەیاریزانە بەتواناکانی یاری باڵە، ئاستێکی بەرزی لە یاریکردندا لە پاڵەوانەتی خولی شیاندنی یانە پلە یەکەکانی کوردستان پێشکەش کرد، ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ یانەی سۆران وەکو یاریزان بەشداری لەچەندین پاڵەوانەتی کردووە، ئێمەش ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی یاری باڵەی کچان لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەمساڵ واهەست دەکەم یاری باڵە بەرەو پێش چووە و یانەکانیش لەچاو ساڵانی تر زیاتر گرنگی بەیاری باڵە دەدەن.

*** بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە؟**

- بۆئافرەتانی کوردستان ئەگەر هەر شتێك بکرێت هێشتا کەمە، چونکە ئافرەتان لەزۆر شت دوورخراونەتەوە، بۆیە پێویستە زیاتر پشتگیری ئافرەتان بکرێت.



*** کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

- کێشەو گرفتەکانمان نەبوونی هۆڵێکی داخراوە لەسۆران، زۆرجار لەرواندز خۆمان ئامادە دەکەین بۆخولەکان.

*** لەدەڤەری سۆران ئافرەت ڕێگری لێدەکرێت لە وەرزشکردن؟**

-ڕێگری هەیە لەناو هەموو کۆمەڵگەیەك، بەڵام بەم شێوەیە نییە شایەنی باسکردن بێت، چونکە کچان وەرزش دەکەن.

***داواکاریت چییە لەلایەنی بەرپرس؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانن لە ئێستا زیاتر پشتگیری کچان بکەن.

***ساڵانە کردنەوەی یەك پاڵەوانەتی بۆئێوەی کچان کەم نییە؟**

-خولێك کەمە، ئەگەر ماوەی خولەکان درێژتر بکرێتەوە، زۆر باشترە بۆئەوەی ئێمەش خۆمان بسەلمێنین.

***ڕاگەیاندنەکان وەکو پێویست گرنگیان بە ئێوە داوە؟**

- تا ئێستا باشە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو نییە.

***هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك؟**

-بتوانم بگمە لوتکەی کچانی کوردستان.

***دەستەی کارگێڕی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-هاوکاری باشمان دەکەن.

***پەیامت چیە بۆئەو خێزانانەی کە ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن لەوەرزش کردنیان؟**

-هیوا دارم ئارەزووی کچەکانیان زەوت نەکەن، بەڵکو پشتگیریان بکەن.

***چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-هیوادارم ئەوانیش بەخۆیان دا بچنەوە و بگەڕێنەوە ناو وەرزش، چونکە بۆ لەش زۆر بەسوودە.

## خەندە کامل یاریزانی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور

# هیچ تیپێک ناتوانێ رکابەری لەگەڵ ئێمە بکات

**لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی قەزای هەڵەبجەی شەهیدە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری باڵە و خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری کردندا لە پاڵەوانەتی خولی شیاندنی یانە پلە یەکەکانی کوردستانی توانی سەرنجی زۆربەی یانەکانی کوردستان و جەماوەری وەرزش دۆست بۆخۆی رابکێشێ، ئێمەش ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی یاری باڵەی کچان لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە لە کوردستان، لە هەڵەبجەش گرنگی باشی پێدەدرێت لەچاو ناوچەکانی تر. یانەکەشمان زۆر گرنگی بەم یارییە دەدات بە تایبەتی بۆکچان.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە؟**

-بەهیواین یانەکان بتوانن یاری باڵەی کچان گرنگی باشی پێبدەن بۆئەوەی کچان زیاتر روو لەم یارییە بکەن و هۆلی تایبەت بە کچان دروست بکرێت بۆئەوەی کچان ئارەزووەکانیان تێدا بەدی بهێنن.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە؟**

-کێشەو گرفتەکانمان نەبوونی هۆڵێکی داخراوە، ئێمە لە سەر یاریگای تارتان مەشق دەکەین لەبەر تیشکی خۆر، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستمان، ئێمە بۆخولی کوردستان بە تەواوی نەهاتووین بۆیارییەکان، ئەگەر نا هیچ تیپێك ناتوانێ رکابەری لەگەڵ ئێمە بکات.

***راستە ژمارەیەك لە یاریزانەکانتان نەهاتوون بۆخولی کوردستان؟**

-بەڵێ راستە، چونکە لەلایەن خانەوادەکانیان رێگریان لێکرا بەوەی بێنە پاڵەوانەتیەکە.

***داواکاریت چییە لەلایەنی بەرپرس؟**

- بەردەوام پشتگیری یاریزانانی کچ بکەن بۆئەوەی کچیش پێگەیەکی باش دروست بکات و لەم یارییە پێداویستیەکانمان بۆجێ بەجێ بکەن.

***ساڵانە کردنەوەی یەك پاڵەوانەتی بۆئێوەی کچان کەم نییە؟**

-زۆر کەمە، یەك ساڵ بۆیەك خول. هیوادارین خولەکان ماوەیان زیاتر بێت بە دوو قۆناغ بێت باشترە چەند مانگێك بخایەنێ.

*** راگەیاندنەکان وەکو پێویست گرنگیان بە ئێوە داوە؟**

-بۆئێمەی کچان وەکو پێویست نەبووینە.

***هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك؟**

-بتوانم خۆم لە لوتکەی کچانی کوردستان ببینمەوە و رکابەری کچانی تر بکەم.

***دەستەی کارگێڕی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-کەمتەرخەمیان نەکردووە.

***پەیامت چیە بۆئەو خێزانانەی کە رێگری لە کچەکانیان دەکەن لەوەرزش کردنیان؟**

-هیوادارم خانەوادەکان رێگری لە کچانەکانیان نەکەن بە پێچەوانەوە هاوکاریان بکەن.

***چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

**-وەرزش باشترین هاوڕێیە بۆ مرۆڤ و لە هەموو شتێك دەتپارێزێ.**

***چیت ماوە لە کۆتاییدا بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

**- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی کچانی یانەی سیروانی شارەزوور.**

## فۆزنیاکی هاتە پێشەنگی یەکێتی یاریزانانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی

یاریزانی تێنسی سەر زەوی دانیمارکی کارۆلین فۆزنیاکی تەمەن ٢٠ ساڵ بووە یەکەمین دانیمارکی لەمێژووی یاری تێنسدا ببێتە پێشەنگی یەکێتی یاریزانانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی، دوای ئەوەی توانی پاڵەوانیەتی پەکین نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، کە لەیاری کۆتایی لە کچە یاریزانی رووسی ڤیرا زفۆناریڤا بباتەوە بە ئەنجامی ٢ گێم بەرانبەر یەك گێم.

هەفتەی رابردوو فۆزنیاکی توانی پاڵەوانیەتی تۆکیۆی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت، فۆزنیاکی لە وەرزی ئەمساڵدا شەش پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی بە دەستهێناو و لە سەرەتای دەستپێکردنی یاری تێنسی سەر زەوی تا ئێستا ١٢ پاڵەوانیەتی بە دەستهێناوە.

## سێشەممە و چوارشەممە یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئەنجام دەدرێت

وا بڕیارە رۆژانی سێشەممە و چوارشەممە یارییەکانی جەولەی سێیەمی قۆناغی یەکەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوە بچێت، کە تیایدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت، لە گرنگترین یاریدا یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی ئەی سی میلان دەکات، خشتەی یارییەکان بەمشێوەیە.

یارییەکانی رۆژی سێشەممە

کۆمەڵەی پێنجەم

رۆما ئیتاڵیا — بازل سویسرا

بایرەن میونیخ ئەڵمانیا — کلوج رۆمانیا

کۆمەڵەی شەشەم

مارسلیا فەرەنسا — زیلینا سلۆڤینیا

سپارتاك مۆسکۆ روسیا — چێڵسی ئینگلتەرە

کۆمەڵەی حەوتەم

ئەیاکس ئەمستردام هۆڵەندە — ئۆکسێر فەرەنسا




ریال مەدرید ئیسپانیا — ئەی سی میلان ئیتاڵیا

کۆمەڵەی هەشتەم

سپۆرتینگ پراگا پورتوگال — بارتیزان بلگراد سربیا

ئەرسنال ئینگلتەرە — شاختار دۆنتسێك ئۆکرانیا

یارییەکانی رۆژی چوارشەممە

کۆمەڵەی یەکەم

ئەنتەر میلان ئیتاڵیا — تۆتنهام هۆتسبێر ئینگلتەرە

تڤێنتی ئەنشخێدە هۆڵەندە — ڤێردەر برێمن ئەڵمانیا

کۆمەڵەی دووەم

شالکە ئەڵمانیا — هابوێل تەل ئەبیب ئیسرائیل

لیۆن فەرەنسا — بەنفیکا پورتوگال

کۆمەڵەی سێیەم

مانچستەر یونایتد ئینگلتەرە — بۆرسا سپۆر تورکیا

گلاسکۆ رێنجرز ئوسکتلندە — ڤالنسیا ئیسپانیا

کۆمەڵەی چوارەم

بەرشلۆنە ئیسپانیا — کۆپنهاگن دانیمارك

پاناسیناکۆس یۆنان — رۆبین کازان رووسیا.

جێگەی باسە گشت یارییەکان کاتژمێر ٩,٤٥ خولەك بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێن.



خۆرخی لۆرنزۆی ئیسپانی یاریزانی تیپی هۆندا لە مۆتۆرسکیل بووە پاڵەوانی جیهان لە مۆتۆرسکیل مۆتۆ جی پی دوای ئەوەی لە پاڵەوانیەتی خەڵاتی مالیزیای گەورە پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، کە تیایدا لە پاڵەوانیەتی مالیزیا یاریزانی تیپی



## وانگێرۆ بووە پاڵەوانی ماراسۆنی شیکاغۆ

یاریزانی کینی سامی وانگێرۆ توانی ببێتە پاڵەوانی ماراسۆنی شیکاغۆی ئەمریکی دوای ئەوەی ماوەی ماراسۆنەکەی بە ٢ کاتژمێر و شەش خولەك و٢٣ چرکە بڕی و یاریزانی ئەسیوبی تسیجای کبیدی پلەی دووەمی بە دەستهێنا و یاریزانی ئەسیوبی فییسا لیلیسا پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، بەم ئەنجامە یاریزانی کینی هاتە پێشەنگی یاریزانەکانی ماراسۆن لەسەر ئاستی جیهان و ٥٠٠ هەزار دۆلار خەڵاتی ئەم مارسۆنەی وەرگرت، جێگەی باسە سامی وانگێرۆ ئەمە دووەم جارە لەسەر یەکدی نازناوی ئەم پاڵەوانیەتیە بە دەست دەهێنێت.
لەسەر ئاستی ئافرەتان کچە یاریزانی رووسی لیلیا شۆبۆکۆفا پلەی یەکەمی بە دەستهێنا دوای ئەوەی ماوەی ماراسۆنەکەی بە دوو کاتژمێر و ٢٠ خولەك و ٢٥ چرکە بڕی




## لۆرنزۆ بووە پاڵەوانی جیهان لە مۆتۆرسکیل مۆتۆ جی پی

یاماها ڤالنتینۆ روسی ئیتاڵی پلەی یەکەمی بە دەستهێنا و یاریزانی تیپی هۆندا ئەندریا دۆفیتسیوزۆ پلەی دووەمی بە دەستهێنا.
بەم ئەنجامە یاریزانی ئیسپانای خۆرخی لۆرنزۆ کۆی خاڵەکانی لە پێشەنگی ریزبەندی یاریزانەکان بۆ ٣١٣ خاڵ بەرزکردووە بە جیاوازی زۆری خاڵ لەگەڵ یاریزانی تیپی هۆندا دانی بدرۆزا ئیسپانی و یاریزانی تیپی یاماها ڤالنتینۆ رووسی لە پلەی سێیەم دێت.
ریزبەندی پاڵەوانیەتی جیهان بۆ مۆتۆسکیل مۆتۆ جی پی

١- لۆرنزۆ ٣١٣ خاڵ
٢- بدرۆزا ٢٢٨ خاڵ
٣- ڤالنتینۆ رۆسی ١٨١ خاڵ
٤- ستونر ١٨٠ خاڵ.
٥- دۆفیتسیۆزا ١٥٩ خاڵ.

بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386